The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# ناوەندی چاك بە توندی هێرش بۆ سەر یەزیدییەکان شەرمەزار دەکات

## هاووڵاتیانی ئازیز

له کاتێکدا هەموومان بە وردی چاودێری پێشهاتەکانی کوردستان دەکەین , کە مانگەکانی داهاتوو زۆر چارەنووسسازن بۆ مێژووی گەلەکەمان , لە کاتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە تورکیا لە دەستپێکی بەهاردا هێرش بکاتە سەر کوردستان , هاوکات ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردنی بڕیاری **140 داین , یەکێك لەو ناوچە گرنگانەی چاوەڕوانی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە داکات ناوچەی شێخان و شەنگالە .**

**یەزیدییەکان لە دیرۆکدا هەردەم چەوساوە بوونە , بەردەوام لەبەردەم چەفتی ئەنفالکردندا بوونە , دوای ڕوخانی سەدام دەبوایا دەسەلاتدارییەتی کوردی بە پەلە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان و ساڕێژکردنی برینەکانیان بدایا , کەچی مخابن نەك هیچیان بۆ نەکرا , بگرە ناوچەکانی خۆشیان کەوتە بەر گۆڕینی دیموگرافیا لە ڕوی ئاینییەوە , مەترسی ئەوەش دەکرێت هاوسەنگی ئاینی ناوچەکانیان بگۆڕدرێت , ئەمە وایکرد ناڕەزایەتی پەرەبگرێت لە ناو یەزیدییەکان .**

**بە پێی هەواڵەکانی ڕوداوەکانی ئەمڕۆ15-2-2007ی شاری شێخان کە بووە هۆی** سووتاندنی بنکەی حسێن بابە شێخ، بنکەی لالش و مەزاری شێخ مەز و دو سەیارە لە بەرامبەر ماڵی میر تەحسین بەگ , بووە تە هۆی نەمانی باوەڕی کوردی ئێزدی بە هێزەکانی پێشمەرگە .

ئێمە لە کاتێکدا ئەم ڕوداوە شەرمەزار دەکەین , لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ بەرامبەر بە برا یەزیدییەکانمان و سوتاندنی شوێنە پیرۆزەکانیان , بۆ گەڕاندنەوەی متمانەو لە دەست نەدانی ئەم توێژەی گەلەکەمان , داواکارین :

- **پێویستە لێپرسینەوە لە ڕوداوەکە بکرێت و تاوانکاران سزا بدرێن , لیژنەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەم ڕوداوە دیاریبکرێت .**
- **قەرەبووی زیانلێکەوتوان بکرێتەوە .**
- **سزای ئەو کەسە بدرێت کە ئەو کچەی کوشتووە.**
- **شوێنەواری هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیای شێخان و دەورو بەری نەمێنێت .**

- هەموو مامەڵەیەك لە سەربنچینەی هاوولاتیبوون بێت , هەموو شوێنەواری جیایی مرۆڤەكان لەسەر بنچینەی ئاینی هەڵبوەشێتەوە.
- گرنگی بە ژیانی كەس و كاری قوربانیان بە تایبەت ئەنفالكراوە یەزیدییەكان بدرێت , كە تا ئێستا لە هەموو مافێك بێبەری بوونە .
- ئەو گوندو زەوییانەی موڵكی یەزیدییەكان بووە دەستیان بەسەردا گیراوە بۆیان بگەڕێنرێتەوە .
- بودجەی تایبەتی لە لایەن حكومەتی كوردستانەوە بۆ ناوچەی یەزیدییەكان تەرخان بكرێت , بۆ پێشخستنی دەڤەرەكەیان و باشتر كردنی باری ژیانیان .

با بە هەمووانەوە پێش لەو پیلانە شوومە بگرین كە دەیانەوێت شەڕی ئاینی ئیسلام و یەزیدییەكان هەڵگیرسێنن لە ناو كورددا .

ناوەندی چاك

2007-2-15